## چۆن دەستی کورد چەند جار بە زاغی عوسمانیدا چوو- کولاندنەوەی چەند برین

## بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی کتێبی بەنرخی دوکتۆر سەباحی غاڵب

ئەنوەر سوڵتانی

*د.سەباحی غاڵب، "مێژووی کورد و کوردستان – دۆزی کورد لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی پەیمانی سیڤەر ١٩١٨-١٩٢٠، توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەیی"، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم و دووەم، ناشر: نووسەر، چاپی هەولێر ٢٠٢٢   ISBN: 978-3-932574-43-6*

کورد بەدرێژایی چەندین سەدە لە لایەن داگیرکەرانی خاکەکەی واتە ئێران و عوسمانی (بە دەسەڵاتداریەتی تورکیاوە) هەڵخەڵەتاوە و تووشی زیانی گەورە هاتووە، بەڵام دوای ماوەیەک سەرلەنوێ دەستی خستۆتە ناو هەمان کونەماری پێشوو، پێوەیدراوە و هەمیسان جارێکیتر! ئەو بەیتی بلەیە بەداخەوە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، بێ ئەوەی گەلەکەمان بە هۆکاری برینەکانی خۆی بزانێت و وانەیەک لەڕابردوو فێربێت. سەمەرە ئەوەیە لە زورێک ئەو حاڵەتانەدا داگیرکەرانی خاک، کوردیان کردۆتە کەواسووری بەر لەشکر، بەگژی ناحەزانیاندا کردوون و خۆیان وەک بەرزەکی بانان، لەولاوە قیت ڕاوەستاون، بێ ئەوەی چاوی قووچاوی کورد بیانبینێت! دەزانم یادی ڕووداوەکان و ڕێزی کەسایەتییەکانیان لای خەڵک زۆرە و منیش وەک یەک لە ئەندامانی کۆمەڵگا خۆشەویستی و ڕیزم بۆیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ڕاستەقینەی مێژوویی باوەکوو تاڵیش بێت چ دەکرێ؟ پێداهەڵگوتن و شانازی کردن بە خەباتی سەدە وساڵانی رابردووی کورد، کارێکە بە هەزاران جار کراوە و دەشبێ بکرێت بەڵام شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هۆکارەکانی شکست هێنانیش ئەرکێکە دەبێ پسپۆران بەرێوەی بەرن و ئەگەر بەرێوەی نەبەن خەیانەتیان پێکردووین. ئەوانەی خوارەوە چەند بڕگەیەکن لە لایەنی نەرێنی چەند ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی کورد لە ڕابردووی دوور و نزیکدا کە گەیشتۆتە ئەنجامی شکستێکی نەخوازراو و شیکاریی هۆکارەکانی ئەو شکستانە بەرگر نییە لە ڕێز گرتنی بەشداربووان و تەنانەت ڕێبەرەکانیشیان لە لایەن کوردەوە:

- شەڕی خان ئەحمەدخانی برادۆست و خانی لەپ زێڕینی قەڵای دمدم لەگەڵ سوپای شاعەبباسی سەفەوی (١٥٧١-١٦٢٩) نموونەیەکی بەرچاوی ئەو بێ سیاسەتییەی کورد بوو. چ عەقڵێک باوەڕدەکات خانێک کە لەپی زێرینی بە فەرمانی هەمان شاعەبباس بۆ چێکراوە، بە خەونەپڵاوی یارمەتیدانی سوڵتانی عوسمانی[1]، لە پانتایی بەرتەنگی قەڵایەکی نێوان شنۆ و ورمێوە بچێتە شەڕەجەنگێکی نابەرانبەر لەگەڵ "پێنسەت هەزار بەیداخ سوور"[2] و پیاوە مرۆڤخۆرەکانی شای سەفەوی کە هەموو هۆز و عەشیرەتە فارس و تورک و کوردەکانی ئێرانیان خستبووە شوێن خۆیان و هێنابوویاننە سەر قەڵاکە. شەڕێکی ئەوتۆ تەنیا بە سوپای وڵاتێکی وەک عوسمانی دەکرا نەک بە خانێکی کورد کە تەنانەت نەیتوانی ئاوی خواردنەوەی دانیشتووانی قەڵاکەی خۆی لە ژەهراوی سیخوڕەکانی سوپای شا بپارێزێت و لە ئەنجامدا، "دمدمی بەردی دەلان" بوو بە "مەسکەنی خەرتەڵان"، ئەوەش کە بۆ کورد مایەوە تەنیا خوێنی ڕژاوی پیاوان، تەرمی ژنانی ڕووسووری خۆکوژ، شیعرێکی ئەحمەدی خانی و بەیتێکی فۆلکلۆری بوو.[3]
- شێخ عوبەیدیللای نەهری، شێخێکی جێگەی ڕێزی خەڵک لە شەمزینانی باکووری کوردستان (بەشێک لە خاکی داگیرکەرانی عوسمانی) و خاوەن ملک و ماڵێکی زەبەلاح، بە چ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەک کەوتە خەیاڵی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠ لە ئێران- ئەویش نەک هەر لە موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لەشکرەکەی بە سەرکردەیی شێخ عەبدولقادری کوڕی و ئەندامیەتی خێڵانێک کە سەرۆکی بەشێکیان لە ژێرەوە دەستیان لەگەڵ ئێرانییەکان تێکەڵ کردبوو، چووە ناو عەجەمستان، بەرەو شاری تەورێزی 'وەلیعەهد نشین' ئاژوا و بە حیسابی ئەوەی دایکی زڕبرایەکی ناسرەدینشای قاجار (١٨٣١- ١٨٩٦)، کورد بوو، ویستی شا لە سەر تەختی

[1] *"خدر بەگ وەسەر کەوتییە / ڕەقەمی دا سوڵتانییە / سوڵتان سەلیم لێی نۆڕییە/... وەعدە بە سێ جومعەی دییە / دێم لە هیمدادی خانییە"*، بەشێک لە بەیتی دمدم.

[2] *"لەشکریان دان لە تابوورە/ پێنسەت هەزار بەیداخ سوورە"*. بەشێک لە بەیتی دمدم

[3] *"ئەی دمدمی بەردی دەلان، جێگەی خان و خان عەودەڵان، ئێستە بووی بە مەسکەنی خەرتەڵان"*، بەشێک لە بەیتی دمدم

دەسەڵات لابەرێت و ئەو کوڕە بێدەسەڵاتە (عەباس میرزای مولک ئاڕا)، کە تازە دوای ٢٧ ساڵ ژیان لە مەنفای ئەستەموڵ و بەغدا گەڕابووەوە خزمەت شا، بکاتە جێگرەوەی باوکی واتە ناڕاستەوخۆ حوکمی ئێران بکات. بەڵام هەر لەیەکەمین هەنگاوەکانیدا لە شاری بناوی ئازەربایجان تووشی شکان هات و سوپا شل و شەوێقەکەی دەم لەسەرپشت گەڕایەوە دواوە و تا ناو خاکی عوسمانی بەند نەبوو، دانیشتووانی گوندە کوردنشینەکانی دەوروبەریمیاندواو و بەشێک لە موکریان لەلایەن سوپای ئێران و تورکانی داغ لەدڵی خۆجێ بیەوە تووشی کۆمەڵکوژییەک هاتن کە نموونەی کەمتر بینرابوو، سەدان گوند تاڵانکران و سووتێنران، سەدان کەس کووژران و هەزاران کەس بە پەنابەری چوونە خاکی عوسمانی و بێ ئەوەی لەوێ ئاوڕێکیان لێ بدرێتەوە گەڕانەوە ئێران. کێ نەخشەی ئەو بزووتنەوە بێ بەرنامە و بێ وردبوونەوەیەی داڕشتبووجگە لە داگیرکەری عوسمانی کە دەیویست ماری ئێران بە دەست دوژمنەکەی خۆی (شێخ عوبەیدیللا) بگرێ!

- سمایل ئاغای سمکۆ، کە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردی ژێر دەسەڵاتی ئێرانی لە مێشکدا بوو، لەجیاتی هاوکاری کردن و هاوپشتیی ئازەری و ئەرمەنی و ئاسۆرییە جیلۆکانی ناوچەی ورمێ و یەکخستنیان دژ بە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بۆ گەیشتن بە ئاواتی سەربەخۆیی، بە کام عەقڵییەتەوە مارشیمۆن، ڕێبەری سیاسی- ئایینی ئاسۆرییەکانی لە گوندەکەی خۆیدا کوشت، لەکاتێکدا کە بۆ وتووێژی سیاسی و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ کورد لە گوندی چەهریق ببووە میوانی سمکۆ! ئەو کارە دوور لە ئەخلاق و سیاسەتە تەنیا بە فیتی عوسمانییەکان و بەڵێنی بەتاڵی ئێرانییەکان بەڕێوەچوو. عوسمانییەکانیش وەک تورکیای ئەمڕۆ کورد و ئاسۆری و ئەرمەنییان بە میوانی نەخوازراو و مڵۆزمی سەر ڕێگای یەکیەتی خاکی تورک و ئازەربایجانی دەزانی و بە هەموو تواناوە هەوڵی پاکتاوکردن و کۆچاندنی هەرسێ گەلەکەیان دەدا بۆ ئەوەی خاکی تورکیا و ئازەربایجان بەیەکەوە بلکێنن و ئیمپڕاتۆریەتی تورکی لێ پێک بهێنن، هەرئەوەندەش کە مارشیمۆن کووژرا ، عەلی ئیحسان پاشای تورک کەوتە گیانی جیلۆ واتە ئاسۆرییە شاخاوییەکان و لە سەڵماسی دەرپەڕاندن. لەولاوە، ئێرانییەکانیش کە بە هاسان نەیاندەتوانی هێزی سوپایی جیلۆ تێک بشکێنن، بە هەندێک بەڵێنی بێ بنەما سمکۆیان بەگژ مارشیمۆن و ئاسۆرییەکاندا کرد و خۆیان لەپشت کورد شاردەوە. هەردو دەوڵەت ئاواتی چەپەڵی خۆیان لەمەڕ پاکتاوکردنی ئاسۆرییەکان بە دەستی سمکۆ وەدی هێنا و گەلی هەژاری ئاسۆری دوای کووژرانی مارشیمۆن و پاکتاوی ڕەگەزیی و ڕاونانی عوسمانییەکان، چیتر شوێنی خۆیان نەگرتەوە و تا ئەمڕۆ بستێک خاکیان بەدەستەوە نەماوە.

- پێش دەسپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان، بە گیان و سامان یاریدەی سوپای عوسمانی و لەڕێگای ئەوانەوە سیاسەتی پاوانخوازیی ئاڵمانییەکانیان دا. بۆ نموونە، تەنیا نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەت سەرۆکی لقێک لە حزبی داتاشراوی 'اتحاد اسلام' لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان- کە بە هاندانی عوسمانییەکان و بە ئامانجی یارمەتی گەیاندن بە لەشکری چڵێسی ئەوان، لە ئێران دامەزرابوو، لە زستانی ساڵی ١٩٠٤دا لە گوندی جەمیانی نێوان بۆکان و سەقزەوە بە ٣ کاروان باری ٢٥٣ وڵاخ شتوومەکی باربووی عوسمانییەکان کرد[4]، هەر ئەو دەمارگیرییە ئایینییەی حاجی بابەشێخ لە نەمر قازی فەتاحی قازیشدا هەبوو کە هاوڕێ لەگەڵ کوڕەکانی خۆی و خەڵکی شاری مەهاباد بۆ پشتگیریکردن لە عوسمانییەکان چووە شەڕەجەنگی سوپای ڕووس و بە گوللەی ئەوانیش گیانی بەخت کرد.[5] هەندێک بەرەوباشوورتر، لە سنە و کرماشانیش ئەو دەمارگیرییە ئایینییە کوردی خستە بەرەی عوسمانی و ئاڵمانیاوە و ئەنجامەکەی شەڕوگەری ئەوان بوو لەگەڵ سوپای ئینگلیز و بۆمباردمانی ناوچەی سەنجاوی لە لایەن فڕۆکەکانی بەریتانیا و هەڵاتنی سەردار موقتەدیری سەنجاوی بۆ خاکی عوسمانی. ئێمە واهەیە ئاگاداری یارمەتیی فریوخواردووانی دیکەی داگیرکەری عوسمانی نەبین، بەڵام دەزانین کاتێ کە سوپای هەر ئەو عوسمانییانە گەیشتە موکریان، لەیەکەم هەنگاودا حەمەحوسێن خانی سەردار موکری، سەیفوڵڵاخانی ئەردەڵان حاکمی سەقز، حەمەخانی بانە و شێخ بابای غەوساباتیان ئیعدام کرد، ئینجا وەربوونە سەر ماڵ و سامانی ئەوان بە خەڵکی شاری مەهابادەوە. ئەوە برایەتی ئایینی کورد بوو لەگەڵ عوسمانییە ئیسلامەکان؛ دەسکەوتەکانیشی لەو بێ سیاسەتی و نەناسینی بارودۆخە، قوربانیکردنی هەزاران ڕۆڵەی کورد و ئیفلاسی ئابووریی ناوچەکە و هەڵخلاندنی ڕووسەکان بوو بۆ کوشتارە دڵتەزێنەکەی ساڵ ١٩١٦ لە مەهاباد.

---

4 ڕەحمان محەمەدیان، "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا"، انتشاراتی کۆڵەپشتی، تاران، ٢٠٠؟؟؟، بەرگی یەکەم، لل. ١٦٣ - ١٧٣

5 خلیل فتاحی قازی، "تاریخچە خانوادە قاضی در ولایت موکری"، ناشر: قادر فتاحی قاضی، تبریز١٣٧٨ [١٩٩٩]، ص ٦٥

- کاری کورد لەگەڵ عوسمانییەکان بە گۆڕانی سیستەمی خەلافەت کۆتایی نەهات و هاوکاریی کورد لەگەڵ تورکەلاوەکان و بنیاتنانی کۆماری تورکیاش نەبووە هۆکار بۆ گۆڕانی بارودۆخ و تورکیای سەرهەڵداو لە گێژەڵووکەی شەڕی یەکەمی جیهانی بە ئیعدامی شێخ سەعیدی پیران و ٤٧ هاوبیرەکەی لەساڵی ١٩٢٥ و تێکشکاندنی خەباتی مافخوازانەی خۆیبوون و ئیحسان نووری پاشا لە ئاراراتی ساڵی ١٩٣٠ کۆتایی نەهات و تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. سەرکوت کردنی ڕاپەڕینی عەفرین لە ڕۆژئاوای ساڵی ٢٠١٨ و لەشکرکێشانی ئەمساڵی ئەردوغان بۆ سەر باشووری کوردستان و پلانە چەپەڵەکانی لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بۆ ساڵی دادێ، تەنیا چەند نموونەی ئەو سیاسەتەن کە بەداخەوە کورد چاوی لێ دەقووچێنێت و لەبەرانبەر درۆنەکانی تورکیا لە بادینان و شنگال و کەلار دەنگی دەرنایەت.

ئەوانە چەند ئاماژەیەک بوون بە چۆنیەتی پەیوەندی سیاسیی کورد لەگەڵ عوسمانییەکانی پێشوو و تورکیای ئەمڕۆ، بە بیانووی دەرچوونی کتێبی ڕچەشکێنی دوکتۆر سەباحی غالب و وورووژاندنی باسێک سەبارەت بە دۆخی کورد و تورک و ئینگلیزەکان لە سەردەمی حوکماتی یەکەمی شێخ مەحموودی بەرزنجی لە ساڵانی ١٩١٩ و ٢٠ ی باشووری کوردستان. دوو بەرگی ئێستای کتێبی کاک سەباح تەرخانی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەیەکی ڕووداوەکانی کوردستان کراوە لە ساڵانی نێوان ١٩١٨ و ٢٠ دا. بەڵام بە حیسابی ناوی کتێبەکە (مێژووی کورد و کوردستان)، خوێنەر دەتوانی هیوا بخوازێت کە ئەو دوو بەرگە سەرەتای هەوڵی نووسەر بن لەپێناو ئامادەکردنیی مێژوویەکی ڕەخنەگرانەی کورد و کوردستان کە تێیدا قۆناغەکانی دیکەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بخرێتە ژێر نەشتەری ڕەخنەگرانە و بوێرانە، هەر بەو شێوەیەی وا لەم دوو بەرگەدا دەبینرێت.

من کە بەختی ئەوەم بووە کتێبەکە پێش بڵاوبوونەوەی بخوێنمەوە، لەم چەند دێڕەدا نامەوێ بە هەموو بەشێکی کتێبەکەدا بچمەوە بەڵکوو دەمەوێ لە سەر یەکدوو خاڵی گرنگ بوەستم. یەکیان تاقیکردنەوەی تاڵی پەیوەندییەکانی شێخی بەردەقارەمان لەگەڵ حکوومەتی عوسمانی و تورکەلاوەکانی ئەو ساڵانە و دووهەمیان ڕژدیی سەرۆکانی کورد و نەگونجاوییانە لەگەڵ یەکتر لە برگەی گەلێک هەستیاری کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و لەتوپەت بوونی خاکی عوسمانی، کە چەندەها دەوڵەتی سەربەخۆی عەرەبی لێکەوتەوە بەڵام کورد بە کاڵەی دراوەوە لە ڕێگەدا مایەوە.

بەشێکی بەرچاوی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی و خوڵق وخوو و ڕۆحیاتی شێخ مەحموودی بەرزنجی و ڕاوێژکاران و خەڵکانی دەوروبەری، هەروەها پەیوەندەکانی لەگەڵ تورکیا و بریتانیا و شێوازی حوکمدارییەکەی. لەوبوارەدا کەڵک لە زۆر بەڵگەنامەی فەرمیی بریتانیا، یادداشتی ئەفسەرانی سیاسیی ئەوان لە بەغدا و سلێمانی وەک ویلسن، مێجەر نوئێل، مێجەر سۆن، تۆینبی و میس بێل، هەروەها نووسینەکانی ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد تەقی وەرگیراوە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری هەواڵ و بۆچوونی مێژوونووسانی کورد وەک مامۆستایان ئەمین زەکی بەگ، دوکتور کەماڵ مەزهەر، محەمەد ڕەسووڵ هاوار، دوکتۆرعبدالرحمان قاسملوو و.... کراوە- ئەویش بەشێوەیەک کە تا ئێستا لەناو مێژوونووسانی کورددا کەمتر بینراوە. نووسەر، کە تا مۆخی ئێسقان کوردە و بەخەمی بندەستبوونی گەلەکەیەوە دەناڵێنێ، چاو لەهەڵەی هیچ کورد و غەیرەکوردێک ناپۆشێت و وەک دڵسۆزێکی گەل و نیشتمان چەوتییەکانی هەرکامیان بە بەڵگە ڕاست دەکاتەوە.

دوکتۆر سەباح سەبارەت بە کەسایەتی و ڕۆحیاتی شێخ مەحموود لە زمان ڕەفیق حیلمییەوە دەنووسێ: "شێخ مەحموود تەریقەت و خزمایەتی بۆ فەرمانڕەوایی بەکار دەهێنا. بە هێڵێکی تەریبی دەرویش، کەسوکار و خەڵکی بوودەڵە لە پەنا شێخدا کەڵکی زۆریان بینی و حوکمدارییان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ڕام و دەستەمۆ کرد...لەو سەردەمەدا هەندێ لە زابتە کوردەکان هاتبوونە سلێمانی و هەندێ خوێندەواری باش و نیشتمانپەروەر لەوێ بوون و ئەیانویست دەس لە ناو دەس تێبکۆشن و یارمەتی حوکمدار بدەن، بەڵام ڕێکەوتنی تاقمی دەورویشتی حوکمدار و ئەمانەی تر نەدەگونجا... شێخ لە توانایدا نەبوو بەربەستەکانی [ی نێوان دەروێشی چاوبرسی و دوای تاڵان کەوتوو، نۆکەری خەنجەر لە پشت و عەشایری تفەنگ لەشان لەگەڵ زابت و مونەووەر] نەهێڵێ." و وەک هۆکاری ئەو چەوتی و ناتەواوییەی کارەکانی شێخیش، دەنووسێ: "دیارە ئەوە دەگەڕایەوە بۆ نەبوونی بنەمای فیکری، نەبوونی ئازایەتی و پێشەوایەتی، هەروەها شارەزا نەبوونی کارگێری و نەبوونی سیاسەتی ناوخۆیی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی لای شێخ مەحموود. بە مانایەکی دی، ئەستەم بوو شێخ لە چوارچێوەی سەردەمی کۆن بێتە دەرەوە و هەست بە بایەخی قۆناغی تازە و فەرمانڕەوایەتی خۆی و نەتەوەی کورد بکا." (ل. ٣٦٥ و٦)

ناتەواویی شێوازی بەڕێوەبەرایەتی تەنیا لە پەیوەندییەکانی حوکمدار لەگەڵ خەڵکی شار وناوچەکە خۆی نەنواند بەڵکوو لە شێوازی حوکمداری و ڕاگرتنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی ئینتدابی بریتانیاشدا بەرچاو کەوت: "کاتێ شێخ مەحموود کرایە حوکمدار و نوێنەری بریتانیا بۆ فەرمانڕەوایەتیی کوردستان لە سلێمانی، بەرنامەی بریتانیا بۆ حوکمدار و خەڵک چەند خاڵێکی زۆر گرنگ بوون: یەکەمیان بۆ هێنانەژێرباری خەڵک دەبوایە حوکمدار دادپەروەر بی، ژیرێتی و خزمەت بەکار بێنێ نەک زۆر و ستەم؛ دووەمیان پاراستنی تەرازووی پەیوەندیی سەرۆک خێلەکان و ڕەعیەتەکانیان بەهەند وەربگرێ بەشێوەیەک کە کەسایەتیی تاکی خێڵ و دەرەوەی خێڵ هاوسەنگ بن و ئەگەر حوکمدار و سەرۆک خێڵ ئەو سنوورەیان ببەزاندایە، بریتانیا هەقدار بوو لێیان بپرسێتەوە؛ سێیەم بەرژەوەندیی بژێوی و کار و بازرگانیی خەڵک لەلایەن حکوومەتەوە پارێزراو بوو و گەلێک هەل ومەرجی دیکە، لەوانە سیستەمی کارگێڕی، سەربازی، دارایی و ئابووری هەروەها ماف و ئەرکی دیکەی هاووڵاتییان و فەرمانبەران بە گرینگ وەرگیرابوون. بەڵام بە ماوەیەکی کورت دوای دانانی شێخ مەحموود بە حوکمدار، باری فەرمانڕووەوایەتی نەک هەر کاریگەرییەکی چاکی نەکردە سەر خەڵک، بەپێچەوانەوە هێندەی دیکە شیرازەی پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکان تێکچوون و بۆشاییەکی گەورە کەوتە نێوان حوکمدار و خەڵکەوە."(هەمان شوێن)

شێخ هەل ومەرجی سیاسیی ناوچە و جیهانی نەناسی و نەیزانی چۆن لەگەڵ تورک و ئینگلیزەکاندا بجووڵێتەوە- ئەو ئینگلیزەی وا ئەوی کردبووە حوکمداری کوردستان و خێڵ و شارنشینانی ناوچەکەی هێنابووە ژێر حوکماتی! بەپێچەوانە، "تا بۆی کرا بەوپەڕی هێزی بیرۆکەیی و جەستەیی خۆی، بۆ داکۆکیکردن لە دەولەتی عوسمانیی و کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەققی، لەگەل تورکدا هاوجووت و هاومەبەست و هاوکار بوو." (ل. ٣٧١)... لەگەڵ هەموو ئەو پەیوەندییە ناجۆر و سووکایەتییەش وا تورک بە شێخ مەحموودی کردبوو [گرتن و بردنی بۆ کەرکووک و سەپاندنی فەرمانی خنکاندن بەسەریدا]، بە دڵدانەوەیەکی عەلیی ئیحسان پاشا کە فەرمان دەدا ٥ هەزار لیرەی ئاڵتوون و هەرچی کەرەسەی چەک و تەقەمەنیش پێویستی بێت بیدرێتی بۆ ئەوەی ناوچە سلێمانی لە هێزەکانی ئینگلیز بپارێزێ." (٣٧٧)، بۆ بەرژەوەندیی تورک، ڕووی سیاسەتەکەی لە ئینگلیز وەردەگێڕێت، ئەفسەرە سیاسی و کارگێڕییەکانیان دەگرێت و ماوەیەک دواتردەچێتە شەڕە جەنگی سوپاکەیان.

نووسەر لە چەند لاپەرەی دوای ٣٩٢ دا سەبارەت بە دامەزرانی حوکمدارێتی یەکەمی کوردستان لە لایەن ئینگلیزەکانەوە هەندێک هۆکاری مێژوویی، چوغرافیایی و کۆمەڵایەتی بۆ بەربڵاوی و یەکنەگرتوویی و دابڕانی ناوچەکانی کوردستان لەیەکدی دەست نیشان دەکات و دەڵێ "...وەختێکیش لە دوای جەنگی یەکەم بیرۆکە و نەخشەیەک بۆ دامەزرانی حکوومەتی کوردستان هەبوو، کارەکان بە دامەزراوەیی و بە ڕێکی بەرێوە نەچوون و لەوەدا کورد پشکی هەرە سەرەکیی بۆ نەگەیشتن بە چارەسەرکردنی دۆزەکەی خۆی بەرکەوتووە." (٣٩٤). ئەو، مێجەر نۆئێل بە ئەفسەرێکی بریتانی دەناسێنێ کە "دامەزرێنەری قەوارەی حکوومەتی کوردستان" بە حوکمدارێتی شێخ مەحموود بوو و...."پێیوابوو ئامانجی سەربەخۆیی حکوومەتی کوردستان بۆ کەڵک وەرگرتن لە قۆناغەکە و زیاتر فراوان کردنی سنووری حکوومەتی کوردستان لە سلێمانییەوە گەیشتۆتە کەنارەکانی گۆلی وان." (٤٠٨). وەک سەلمێنەری بۆچوونەکەی خۆیشی، ئەم دێڕانە لە ڕاپۆرتی بەرێوەبەرایەتی تیپی سلێمانی بۆ ساڵی ١٩١٩وە کە نۆئێل بۆ بەغدای ناردووە، ڕادەگوێزێت: "زمانی کوردی دەبێتە زمانی ڕەسمیی حکوومەت، بۆ قانوون دانان کەڵک لە داب و نەریت و مامەڵەی ڕۆژانەی کۆمەڵگە دەبینرێ. دەبێ سیستەمی کۆکردنەوەی داهات و باج لەگەڵ پێداویستییەکانی خەڵکدا یەک بێتەوە... وڵاتەکە خاوەنی بودجەی ناوچەیی خۆی دەبێ و ئەو باجەی کۆدەکرێتەوە بۆ کارگێڕی و پێشکەوتنی وڵاتەکە بەکاردێتەوە." (٣٩٦) هەروەها دەڵێ ویڵسنی مەندووبی سامی لە سلێمانی لەگەڵ ٦٠ کەس لە نوێنەرانی خەڵک کۆدەبێتەوە و بە دوور ودرێژی باسی بارودۆخی سیاسیی خوارووی کوردستان و نەخشەی سەربەخۆیی کوردیان بۆدەکا و دەڵێ "شێخ مەحموود بەناوی حکوومەتی بریتانیاوە فەرمانڕەوایی ناوچەکان [ی نێوان زێی گەورە تا ڕووباری سیروان (جگە لە کوردەکانی ئێران)] دەکا. مەرجیشە شێخ ئیتاعەتی فەرمانەکانی بریتانیا بکا. تا ئەو ئامادەی دۆستایەتی بێ ئێمەش هاوکاری و پشتیوانیی دەکەین." (٤١٠ و ١١).

بەوشێوەیە نووسەر هەوڵ دەدات بیسەلمێنێ کە حکوومەتی بریتانیا و دامودەزگای ئینتداب لە بەغدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون کورد سەرۆکێک و بەڕێوەبەرێکی جێگەی متمانەی هەبێت کە بتوانن کوردستانی پێ بسپێرن وەک لە حیجاز و سووریا و عیراقیش وایان کرد، بەڵام "جۆری کەسایەتی و تێگەیشتنی شێخ مەحموود هی ئەوە نەبوو لەگەڵ قانوون و کارگێڕیدا بگونجێ و هەڵبکا." (٤٥٢) و لە زمان میس بێڵەوە دەگێڕێتەوە کە "ناحەزیی کەسایەتی و سەردارانی کورد بەرامبەر بە

یەکدی، کارەسات و بەڵای کورد بوو. ئەوان پێویستیان بە "فەیسەڵی کورد" بوو، یەکێک کە بتوانێ قورسایی و ناوەرۆکێک بۆ بزووتنەوەی کورد دابمەزرێنێ." بەداخەوە شێخ مەحموود کەسی ئەو کارە نەبوو و لە زمان ڕەفیق حیلمییەوە دەڵێ: "نوئێل هەوڵی ئەدا کە چەوتییەک کرا ڕاستی بکاتەوە، مەبەسی بیانوو گرتن نەبوو بەڵکوو ئەیویست شێخ مەحموود پێبگەیەنێت و بۆ حوکمداری بە ڕاستی دواڕۆژ ئامادەی بکا. زەمان بەدڵی نوئێل بچوایە بەرێوە، شکم لەوەدا نییە کە بناغەی "کوردستانی گەوورە"ی دائەمەزراند." (٤٥٣)...ئینجا خۆی لێی زیاد دەکات و دەنووسێ "ڕەنگە لە مێژوودا نەبووبێ بەبێ لێهاتوویی و بێ هاوکاریکردنی [سەردارێک]، دەوڵەتێکی زلهێز هاتبێ دەوڵەتێک بۆ ئەو گەلە دروست بکا کە سەردارەکە دەوڵەتی نەوێ! لەو دەرفەت[ی ئەو ساڵانەدا] زەمینە خۆشکرابوو بۆ بەرقەراریی دەسەڵاتی کوردی، بەڵام وەک دەبینرێ کاربەدەستی کورد کە شێخ مەحموود بوو نەیتوانی بیپارێزێ." (٤٧٣).

نووسەر لەسەر ئەو بۆچوون و هێڵە فیکرییەی خۆی دەڕوات و هەڵە وپەڵەی دەسەڵاتدارییەکی شێخ مەحموود و ئاژاوەگێڕیی تایەر ئەفەندیی تورکخواز- کە بووبووە ڕاوێژکاری سەرەکیی شێخ، دەخاتە ڕوو تا دەگاتە شەڕ و شکستی دەربەندی بازیان کە بوو بەهۆی بریندار بوون و بەدیل گیرانی شێخ و هاتنی سوپای ئینگلیز بۆ ناوشاری سلێمانی، بەم ڕستەیەش ناوەرۆکی سەرەکیی هەڵسەنگاندنەکانی خۆی ڕادەگەیەنێ: "ئەو شەڕە نابەرامبەرە، کە ئەنجامی سەرگەرمی و عینادی شێخ مەحموود بوو، نەک هیچ بەرژەوەندییەکی بۆ کورد تێدا نەبوو بەڵکوو لەگۆڕنانی هەموو خۆزگە و ئاواتەکانی کوردیش بوو." (ل. ٤٨٠) هێڵی ژێر دێرەکان من کێشاومن (ئەنوەر)

دیارە، وەک لێکەوتەیەکی دەستبەسەرکرانی ئەفسەرانی ئینگلیزی لە سلێمانی و شەڕی دەربەندی بازیان، لە شێوازی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە هەندێ گۆڕانکاری هاتە کایەوە، کە یەکیان هێنانی هێزی سوپایی و گەڕاندنەوەی مێجەر سۆن بوو وەک ئەفسەری سیاسی و جێگرەوەی مێجەر نوئێل لە سلێمانی. سۆن لەباری خولق و خووەوە لە نوئێلی هێدی و هێمن گەلێک جیاوازبوو، بەڵام، هەر توندوتیژییەکی تاکەکەسیی خۆی هەبوو، هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئینتدابی بریتانیای بەڕێوە دەبرد و لێی لانەدان. "سۆن چەندە ڕقی لە عەرەب بوو، لەوەزیاتر کوردی خۆش دەویست. بە هەموو توانایەکی سیاسی، کارگێڕی و سەربازیی خۆیەوە مەبەستی بوو خزمەت بە کورد بکا..." لە دوو بەڵگەنامەی بریتانییاشەوە ئەم دێڕانە ڕادەگوێزێت: "سۆن سلێمانیی کاولکراوی دەستی تورکەکانی بنیاد نایەوە، چەندان جادە و پردی دروست کرد و دروستکردەوە... بودجەیەکی گەورە و تایبەتی بۆ پەروەردە تەرخانکرد، قوتابخانە دروستکرانەوە... گرنگییەکی بەرچاوی بە کشتوکاڵ دەدا، بۆ گشت بەش و دەزگاکانی حکوومەت فەرمانبەرانی کوردی دامەزراند، لەبەرکردنی بەرگی کوردی کردە نەریتێکی خەڵکی، کارێکی کرد کە سلێمانی و دەوروبەری ببنە وێنەیەکی تەواوی کوردێتی و کوردستانی" (لل. ٤٩٩ و ٥٠٠)

****

بەرگی دووەمی کتێبەکە تەرخانی هەڵسەنگاندنی ژیان و کار و چالاکیی بەشێک لە ڕێبەرانی سیاسیی کورد کراوە کە لەو سەروبەندە واتە ساڵانی نێوان ١٩١٨ تا ٢٠ و مەودای حوکماتی شێخ مەحمووددا، لە باشوور، باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و پێگە و دەسەڵاتێکیان بووە و ڕژدی و ناکۆکی و دژایەتی و دوژمنایەتییان لەگەڵ یەکتر و کارتێکەریی ناتەواوییەکانی ئەوان لەسەر بۆچوون و بریاری دەوڵەتانی زلهێز و چۆنیەتی نووسرانی پەیماننامە ناونەتەوەییەکان دەخاتە ڕوو. ئەو کەسانەی وا لاپەڕەیەکی بەرچاوی کتێبەکەیان بۆ تەرخان کراوە، شەریف پاشای خەندان، سەید تەهای شەمزینی، شێخ عەبدولقادری شەمزینی و سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ)ن کە دەڵێ پەیوەندیگرتنیان بە هێزەکانی ناوچە و دەرەوە لەپێناو دەسەڵات سەندن بۆ کورد و سەرجەم کوردستان نەبوو، بەڵکوو بۆ ئەوەبوو هەرکام لەقوژبنێک و شار و ناوچەیەک دەسەڵاتیان پێ بسپێردرێ و سەرۆکایەتی خەڵکێک بکەن، ئەویش لەو قۆناغە ناسکەدا کە لە ناوچەکەدا خەریکە وڵاتانی سەربەخۆ یەک بەدوای یەک سەرهەڵدەدەن؛ بەڵام گەلی کوردی پارچە پارچە بووی ژێر دەستی ئەو ڕێبەرە بێ سیاسەت و لێنەهاتووانە، دەبوایە هەرکام سڵەوات لەدیداری یەکیان لێبدەن و ئاواتی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی بە خەون ببینن. نووسەر دەڵێ ناتەواویی، لێنەهاتوویی و ناکۆکیی نێوان سەردارەکوردەکان گەیشتبووە ڕادەیەک کە شەریف پاشا بە "پیاوە قوزە خۆش ڕابوێرەکەی پاریس" ناوی لێدەبرێت، شێخ عەبدولقادر و شێخ تەهای شەمزینی (مام و برازا) بە دژایەتیکردنی یەکتر دەست دەدەنە چەک و کاتێ کە فەرمانبەری کۆنسولخانەیەکی بریتانیا لە ئێرانیش هەواڵی شەڕی دەربەندی بازیان و بەدیل گیرانی شێخ مەحموود بە سمکۆ ڕادەگەیەنێ، لە جوابدا دەڵێ "باشترە!" ئایا مامۆستا هێمن حەقی نەبوو بڵێ "پێش سوارەکانمان قورس و ناوەستان"؟

هەرچۆنێک بێت، بڵاوبوونەوەی کتێبی دوکتۆر سەباحی غاڵب ڕووداوێکی گرنگی فەرهەنگی و ڕچەشکێنییەکی گەورەیە بۆ نووسینی مێژووییەکی ڕەخنەگرانەی کوردستان بەدەست کورد، لە دواڕۆژێکدا کە هیوادارم زۆر درەنگ نەبێت.

٢٠٢٢/٠٦/٢٤